# زمان و شوناس

## "تویژینەوەیەکە ڕەوشی زمان لە هەرێمی کیوبیک و کوردستان تاووتو دەکات"

سەلام ناوخۆش
(زانکۆی سەلاحەددین - کۆلێژی بنیات)

### دەروازە

خـودی زمـان چ لە زمـانەوانی بێ، یان لە ئەدەبناسی بێ، هەڵگری زۆر مۆرکە، لەوانە شوناس-ناسنامە. قسە لەسـەر ناسنامـە، خۆشەویسـتی زمـانی لێ دەکەوێتەوە، خۆشویسـتنی (زمان)یش هەر بە قسە نابێت، بەڵکو بە کردار دەبێت، کردارەکەش ئیسپـاتکردنی ئینتیمـایە بۆ نەتەوە. ئـەم تـوێژینـەوەیە هەوڵ دەدات لێـکۆڵـینـەوە لە پرسی ڕەوشی زمـان لە هەردوو هەرێمی (کـیـوبیک) و (کــوردســتــان) بکات بۆ دۆزینەوەی، هەر چ نەبێ، شوناسی زمانەوانی.

کیوبیک و کوردستان دوو هەرێمن، بە خاکی نەتەوەی ترەوە لکێندراون، نەک هەر لەو ڕەوشە داگیـرکراوییـەدا وەک یەکن، بەڵکو لە هەمـوو پرسـەکـانی تر هەروان، بە واتای وەک یەکترن؟ ئەم نووسینە هەوڵ دەدات شرۆڤەی ڕەوشی زمانەوانی، دوور لە سیاسەت بکات. ئەویش بە کارکردن لەسەر دوو شت:

**یەکـەم،** بەراوردکـردنی ڕەوشی زمــان لە هەرێمی (کـیـوبیک) لە ناو کـەنەدا و ڕەوشی زمـان لە هەرێمی (کوردستان) لە ناو ئێراقدا.

**دووەم،** ڕەوشی داگیـرکاری زمان و حوکمداری کورد و زمانی کوردی.

### زمان و شوناس Language and Identity

لە ڕۆژئاوا ئەوەندە قـسـە لەسـەر پێـوەندی زمـان و شوناس کراوە بە جۆرێک بە دەیان کتێب و ئارتیکڵ بەو ناوە نووسـراون. دۆزینەوەی شـوناس هەر تـەنیا لە زمـان نەبووە، بەڵکو چەندان بواری تری گـرتووەتەوە لەوانە زمانەوانی کردارەکی، ئەدەبناسی هەتا ئەنسرۆپۆلۆژیا.

ماری بوچۆلتز و کیرا هال لە کتێبی زمان و شوناس دەنووسن: "زاراوەی شوناس ئاماژە بە یەکبوون، وەک یەکی دەکات، بۆیە توێژەر چاوەڕێ دەکات کە شوناس لە کۆمەڵگا هێندە زەق بێ، وەک قەمبوورێک بێ، چونکە زۆربەی خەڵکی ئەو کۆمەڵگایە وەک یەکن، بەڵام وێڕای ئەو هەموو پێکچوونە لە نێوان زمان و تاکدا لە بواری کردارەکی زۆر ئاڵۆزترە." خەڵک بە هۆی زمان وەک یەک دەبن، بەڵام شوێنی کار و جۆری کار وا دەکەن شوناسەکە کاڵ بکەنەوە، بە تایبەتی ئەگەر حوکمڕانی پرسی قازانجی بزنس و بازرگانی وەپێش شوناس ئێخست.

جۆسێف لە کتێبی زمان و شوناس: "نیشتیمانی، ئەتنیکی، ئایینی قسە لەسەر شیکاری زمانەوانی تەقلیدیدا دەکات، لەو زمانەوانییەدا بۆچوونی کلاسیکی و ڕۆمانتیکی ئامادەیی هەیە و نەتەوە و کولتوور و تاک بە یەکەوە دەبەستێتەوە"، بەڵام ئەم هەستە دەرهاویشتەی سەدەی نۆزدە بوو، ئەمڕۆ ئەم هەستە لە زمانەوانی دامودەزگایی کاڵ دەبێتەوە؟ یان ئەوەی لە شاخ خەباتی بۆ دەکرا، دەکرێ لە شار لە حوکمڕانیدا کاڵ ببێتەوە؟

هەر لە بواری زمانەوانیدا، زمانەوانییەک دروست بووە نزیک لە زمانەوانی دامودەزگایی بە ناوی زمانەوانی ئیسنۆگرافی لە مندالّدانی پرسی زمان و شوناسدا، میگول پێرەز-میلانس لە کتێبی زمان و شوناس لە ئیسنۆگرافی زمانەوانیدا دەنووسێت: "لەو زمانەوانییەدا کولتوور وەک بوونێک وەرناگیرێ، بەڵکو وەک جیاوازی جڤاکی لە ژیانی ڕۆژانە وەردەگیرێ، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ کە لە ڕەوشە هاوچەرخییەکانی مۆدێرنیتەی دواییدا، پرسی زمان و شوناس بە گۆڕانکارییە کولتووری و گواستنەوەکەی ئایندە لە جیهانی بەرجەستەدا دەبەسترێتەوە."

کیوبیکییەکان و کوردەکان لە کەنەدا و ئێراقدا دوو کەمایەتی ئەتنیکین کە لە نەتەوەی سەردەستەدا جیاوازن، کەواتە لە کەنەدا و ئێراقدا کۆمەڵگای چەند نەتەوەیی و زمانیی هەن. پۆلێنی کۆمەڵگا بۆ نەتەوەی سەردەستە (بالا) و بن دەستە، هەستێکی جیاواز لای تاکی، بۆ نموونە کەنەدی -کیوبیکی و عەرەبی -کوردی دروست دەکات.

سچمیدت ٢٠٠٨ دەڵێت: لە پرسی زمان و شوناس لە کۆمەڵگای چەند زمانیدا، لای گرووپە ئەتنکییەکان



**شێخ مەحموودی حەفید**

پرسی زمان وەک کلیلی ئاماژە، ئامێرێک لە نێو ئامێرەکاندا لە شوناسی ئەتنیکی ئاماژەی پێ دەکرێت..." ئەندرێ تابورێت دەڵێت: پێوەندی زمان و شوناس پێوەندییەکی دیالێکتیکییە، بۆیە زمان و زمانی شوناسی ئاخێوەر لە یەک جیانابنەوە."

ئەو هەمووە زیاتر لە قۆناغی فیوداڵی و دەرەبەگی هەژموونی ئیستیعلاییان هەیە، بەڵام لە قۆناغی سەرمایەداری ناو تەکنۆلۆژیا بەرە بەرە کاڵ دەبنەوە.

ئەو هەستە لە جیهانی سەرمایەداری، کە شوێنێکی بۆ کولتوور نییە، بە تایبەتی کولتووری جیاکاری بەرەو خەمە کۆمەڵایەتییەکان کەم دەبێتەوە، ئەو پرسەی سەنتەر وەردەگرێت پرسی پرۆفیت -قازانجە.هەر لەسەر هەژموونی نا-پرۆفیت چەندان ڕێکخراو و کتێب نووسراون لەوانە ڕێکخراوی (Non-profit-organization)، بۆیە لەو وڵاتە سەرمایەداری و تەکنۆلۆژیانەدا شوناس ون بوو، یان ئاراستە و فۆرمی تری وەرگرتووە.

لە قسەکانی ئەو توێژەرانە دەردەکەوێ کە پرسی زمان-شوناس لە جۆری حوکمداری لە قۆناغی سەرمایەداری، تەکنۆلۆژیدا کاڵ دەبێتەوە، چونکە پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکان ئاراستەیەکی تری دوور لە هەژموونی کولتوور وەردەگرن.

## زمان و شوناس لە هەرێمی کیوبیکی کەنەدا

کەنەدا دەوڵەتێکە لە باکووری ئەمریکا، سێ هەرێم و دە ناوچەیە، زمانی ڕەسمی وڵات فەرەنسی و ئینگلیزییە. وڵاتێکی بازرگانی و پیشەسازییە، بە واتای کەنەدا هەم گەیشتووەتە قۆناغی سەرمایەداری و تەکنۆلۆژیا وای لێکردووە، شوناسی کولتووری لای ئەو فۆرم و ئاراستەیەکی تر وەربگرێت. ڕەوشی ئابووری و تەکنۆلۆژی وڵات، هەرسێ پرۆسەی مرۆڤبوون و قازانج و تەکنۆلۆژیا پرسی جیاوازی نەتەوە و زمانی لاوازکردووەتەوە و زۆر بە ئاسانی قبوڵی یاساکانی زمان لە کیوبیک دەکات.

کیوبیک هەرێمێکە لە سێ هەرێمەکەی کەنەدا. ئەو هەرێمە لە سەدا ٤.١٥٪ کەنەدا پێکدەهێنێت. بەپێی سەرژمێری ٢٠١٦ زیاتر لە (هەشت ملیۆن) کەس دەبن. هەرێمی کیوبیک هەرێمێکی فەرەنسی ئاخێوە. ئەم هەرێمە لە پاش هەرێمی (ئۆنتاریۆ) یەکەم هەرێمی گەورەیە لە کەنەدا. کیوبیکییەکان زیاتر مرۆی شارین، چونکە لە دەڤەرێکی شارستانی نزیک بە (ڕووباری سەینت لۆرێنس) کە دەکەوێتە نێوان گەورە شاری (مۆنتریال) و (کیوبیک سیتی) دەژین.

لە سەدەی بیستدا دوو جار ڕیفراندۆم لە کیوبیک بۆ سەربەخۆیی کراوە: جارێک لە ١٩٨٠ و جاری دووەم ١٩٩٥، بەڵام لە هەردوو جاردا زۆربەی کیوبیکییەکان دەنگیان بە(نەخێر) داوە. لە ساڵی ٢٠٠٦ (جڤاتی عمومی کەنەدی) دانی بەوەدانا کە کیوبیکییەکان، هەرچەندە نەتەوەیەکی زمان جیاوازن، بەڵام بەشێک لە یەکێتی کەنەدی پێکدەهێنن.

بوونی قەوارەی سەربەخۆیی لای زۆربەی نەتەوەکانی کۆمەڵگا فرە-نەتەوەییەکان، لەوانە کورد خەونێکی لەمێژینەیە، لە زاکیرەی زۆربەی نەتەوە بچووکەکان (لە چاو نەتەوەی سەردەست و بە ژمارە زۆر). لەوانەیە ئەوانە لە کوردستان و ئەوروپا، بە تایبەتی کەتەلۆنیا بپرسن: کیوبیکییەکان بۆ لە کەنەدا جیا نابنەوە؟! نەتەوە و زمانیان جودایە؟! مەزهەبیان لەگەڵ کەنەدییەکان جودایە؟ ئەم توێژینەوەیە هەوڵ دەدات لەم بەشەدا تاووتوی ئەم پرسە چارەنووسسازانە بکات.

## یاسای زمان لە کیوبیک

کیوبیک هەم پەرلەمان و هەم حکوومەتی لۆکاڵی خۆی هەیە. حکوومەتی کیوبیک چەندان یاسای تایبەت بە جیۆگرافی و سیاسی و کۆمەڵایەتی خۆی هەیە، لەوانە یاساکانی زمان. بەشێک لە یاساکانی زمان لە کیوبیک:

١- زمانی فەرەنسی، زمانی فەرمی حکوومەتی کیوبیک -ە.

٢- زمانی فەرەنسی، زمانی ستاندەرە لە پەروەردەی کیوبیک.

٣- پاراستنی ناوی فەرەنسی لە کۆمەڵگای کەنەدی.

هەر کۆمپانیایەک کە بەرهەمەکانی دەفرۆشێت، یان ڕاژە لە کیوبیک پێشکەش دەکات، پێویستە ئەو کۆمپانیایە ناوێکی فەرەنسی هەبێت.

٤- فەرەنسی زانین لە هەموو بوارەکان کارێکی حەتمییە

هەموو کارکەرەکانی کیوبیک مافی ئەوەیان هەیە کار بکەن، بەڵام فەرەنسی ئاخێو بن. هەموو دەتوانن قسە و نووسین بە فەرەنسی بکەن، هەروەها دەتوانن کار بە بەڵگە و ئامێرەکانی فەرەنسی بکەن، لەوانە سۆفت وێری کۆمپیووتەر.

٥- دۆکیومێنتەکانی وڵات و کۆمپانیاکان، دەبێ بە فەرەنسی بن.

خاوەن کار لە سەریەتی لە دۆکیومێنتە مەبەستدارەکان لەگەڵ ستافەکەی بە گشتی فەرەنسی بەکاربێنێت، لەوانە ئەو نامانەی لە شوێنی ئیش پۆستیان دەکات، بەڵام خاوەن کارەکان دەتوانن بە ئینگلیزی، یان زمانی تر بۆ فەرمانبەری تاک بنووسن. دەکرێ ڤێرژنی ئەو هەموو دۆکیومێنتە ڕەسمییانە و نامەکان بە ئینگلیزی، یان زمانی تر هەبن، بە مەرجێک هەر چ نەبێ فەرەنسی شکۆی خۆی هەبێت.

٦- ڕێکلام و زمانی فەرەنسی.

لە هەندێ حاڵەتدا دەبێ تەنیا فەرەنسی بەکار بێت وەک ڕیکلامکردنی سەر پاسەکان و تابلۆ گەورەکان... تاد بۆ هەندێ جۆری تری هێما و ڕیکلامکردن دەتوانرێ لەگەڵ فەرەنسی، زمانی ئینگلیزی و زمانی تر بەکاربێت بە مەرجێک فەرەنسییەکە بە زەقی دیار بێت، یان هەژموونی هەبێ، واتای وایە فەرەنسییەکە هەر هیچ نەبێ دووجار گەورەتر بێت، یان دوو ئەوەندەی زمانی تر

شوێن بگرێت.

٧- بووکەشووشە و زمانی فەڕەنسی.

بووکەشووشە (لەعابە) گەمەکان (یارییەکان)وەک گەمەکانی کۆمپیوتەر کە زمان بەکارهێنان لە خۆ دەگرن(بۆ نموونە بووکەشووشەی قسەکەر، یارییەکانی ئێکس بۆکس، دەکرێ لە کیوبیک بفرۆشرێن تەنیا ئەگەر دانەی (نوسخە)ی فەڕەنسی هەبێت. بۆ نموونە لەعابەی ئینگلیزی ئاخێو، دەکرێ لە کیوبیک هەبن ئەگەر لەعابەی فەڕەنسی ئاخێویش هەبن.

٨- کۆمپیوتەر و زمانی فەڕەنسی.

ئەو سۆفت وێرەی کۆمپیوتەر کە لە کیوبیک دەفرۆشرێ، یان بە کرێ دەدرێ، پێویستە بە زمانی فەڕەنسی بێ، ئەگەر دانەی فەڕەنسی نەبوو، دەکرێ بە زمانی تر بن، بەو مەرجەی دانەی فەڕەنسی وەک (دانەی ئینگلیزییەکە...) ئیش بکات، یان باشتریش بێ. هەر شتێک لە هاردوێری کۆمپیوتەر بنووسرێ، هەروەها هەر ئێکسسوارێک پێویستە هەموو بە فەڕەنسی بێت، بۆ نموونە " دەرچوون "، "سڕینەوە"، " کی بۆردەکان" پێویستە هەموو بە فەڕەنسی بن. دەکرێ ئەو دوگمانەی کۆمپیوتەر بە ئینگلیزی، یان زمانی تریش بەکاربێن، بە مەرجێک دانەی فەڕەنسی هەر هەبێت.

٩- پەیوەستبوون بە یاسای زمان

هەموو کۆمپانیاکان لە سەریانە پەیوەست (ئیلتیزام) بەو بەندانەی یاسای زمان بن کە لە کیوبیک هەن. هەر کۆمپانیایەک لە (٥٠) کاربەر، یان زیاتری هەبێ، پێویستە پەیوەست بن بە یاسای زێدە کردن. ئەم یاسایانە ناسراون بە (بە فەڕەنسیکردن).

بە فەڕەنسیکردن ئەم واتایە دەبەخشێت کە پێویستە زمانی فەڕەنسی لەم ڕێگا زێدانە بەکاربێت:

- پێوەندی ناوەکی و دەرەکی کۆمپانیا.
- ئامێرەکانی کار و دۆکیومێنتەکان.
- تۆڕی ناوخۆ (ئینتەرنێت).
- سۆفت وێر و تەکنۆلۆژیای کۆمپیوتەری لە ناوەوەی کۆمپانیا.

دەکرێ ئینگلیزی و زمانی تر بەکاربێن، بەڵام بەو مەرجەی بە فەڕەنسیش هەبێ، هەروەها زمانی فەڕەنسی بە زمانی عادەتی کۆمپانیا بمێنێتەوە.

زیاد لە مانەش "کۆمپانیا دەتوانێ ژمارەی بەکاربەرەکانی لە ئاستێکدا زێدە بکات بۆ ئەو کەسانەی فەڕەنسی باش دەزانن..."

کیوبیکییەکان وەک کورد و کەتەلۆنیەکان نین، تەنیا لە بەندەکانی یاسای زمان دەردەکەوێ کە مافیان لە ئینگلیز ئاخێوی کەنەدا زیاتر نەبێ کەمتر نییە، کەواتە زمان جیایی و مەزهەب جیایی نابنە لەمپەر و ئاستەنگ لە بەرانبەر کولتووری تاکی فەڕەنسیدا، بەڵکو ئەوان پشت ئەستوور بە یاسای زمان لە کیوبیک لە حکوومەت و پەروەردە و ژیانی ڕۆژانە ڕەوشێک فەراهەم دەهێنن، کە تاکی کیوبیک دەتوانن نەک هەر تەنیا زمانی فەڕەنسی پەرەپێ بدەن، بەڵکو ناوی فەڕەنسیش لە فەوتان بپارێزن، لێرەدا پرسیارێک دەکەین ئەمانەی سەرەوە بەشێک لە بەندەکانی زمانن لە کیوبیک، ئەگەر خەڵکی کیوبیک ببنە دەوڵەتێکی سەربەخۆ لە ئەو مافانەیان زیاتر دەبوو؟!

لە لایەکی تر پەتیبوونی زمان دوو لێکەوتەی نا-شارستانی لێ دەبێتەوە:

١- زمانی نەتەوە دوور دەبێ لە زمانی زانست و تەکنۆلۆژیای سەردەم و شارستانییەت، بەمەش زمانی نەتەوە تەنیا لە جوغز و جیۆگرافیای نەتەوە جێی دەبێتەوە، بە واتای زمان لە قاوغی کۆچەریبوون دەمێنێتەوە.

٢- بڵاوبوونەوەی شۆڤینییەت و فاشییەت لە وڵات. لە ئەورووپا و ڕۆژهەڵاتی ناوین دەرکەوتووە کە نەتەوە سەردەستەکان هەر تەنیا خۆیان دەبینن، بۆیە ئەگەر پێیان بکرێ، زمانی خۆیان دەکەنە زمانی ئیمپراتۆرییەت وەک یۆنانی کۆن -سەردەمی پێش سوکرات و ئەفلاتون و ئەرستۆ، ئیمپراتۆرییەتی ڕۆمانی پێش دەرکەوتنی دانتی و مارتن لۆسەر و ڕێنیسانسی ئەورووپی، هەروەها دەوڵەتی ئەمەوی و عوسمانی و سەفەوی...تاد.

## کۆلۆنیالیزمی عەرەبی و زمانی کوردی لە باشوور

چارەنووسی کوردی باشوور لە سەرەتای بیستەکانی سەدەی بیستەمەوە لە دەوڵەتی فرەنەتەوە و فرەئایین و فرەزمانی عوسمانییەوە دەرهێنرا و بە عەرەبەکانی هەردوو ویلایەتی عەرەبەوە بەسترایەوە. دەوڵەتی ئێراق لە ماوەی ١٩٢٢-١٩٣٢ زۆربەی بزاڤە چەکداری و کولتوورییەکانی کوردی خامۆش کرد وەک بزاڤەکانی شێخ

مەحموود لە دەڤەری سلێمانی و بزاڤ و ڕاپەڕینەکانی بارزان. لەو ماوەیەدا ئێراق لە ژێر سایەی ماندەیت – ئینتداب دابوو، پێویست بوو، چەند شتێکی فۆرمالی بکات، لەوانە:

١- لە ژێر گوشاری بەریتانیا لە ١٩٢٢ ڕازی بوو، کە دوای کەوتنی حوکمدارییەکەی شێخ مەحموود ١٩١٨-١٩١٩ و هەژموونی ئۆزدەمیر لە نێو کورددا، بە دامەزراندنی حکومەتێکی کوردی دوور لە شێخ و ئۆزدەمیرییەکان!

٢- پاش پرۆسەی لکاندن ١٩٢٤-١٩٢٥، بەریتانیا لە ڕێگای (عصبة الامم) لەسەر دەوڵەتی نوێی ئێراق فەرز بکات بەوەی: دەبێ لە ویلایەتی مووسڵ زمانی کوردی زمانی دادگا و فێرکردن بێ، هەروەها زمانی ڕەسمی بێ.

پەرلەمانی ئێراقی لە بەندی (١٦)دا بڵێت: تایەفە جیاوازەکان مافی دامەزراندنی قوتابخانەیان هەیە بۆ فێرکردنی منداڵەکانیان هەر یەکە بە زمانی خۆی.

٣- ئێراق یاسای زمانە ناوچەییەکان لە ساڵی ١٩٣١ دەربکا و بیژی: "زمانی دادگاکانی لیوای مووسڵ و هەولێر و سلێمانی بە کوردی بێ(بەندی دووەم)، هەروەها لە بەندی هەشتەم ئەو یاسایە بڵێت:لە قەزاکانی سلێمانی، هەولێر، کەرکوک...زمانی کوردی خوێندن بێ، بەڵام لە قەزاکانی لیوای مووسڵ ئازادن لەوەی چ شێوەیەکی زمانی کوردی بەکاربهێنن.

ئەو پێشنیارانەی عوصبەتولئوممەم و بەغدا هەر پاراستوڵ بوون نەک چارەسەری، سەبارەت بە خاڵی یەکەم و دووەم، ئەمین زەکی ١٩٣٥ لە سپارەی دوو تەقەللای بێ سوود دا لە عەریزەیەک بۆ مەلیک فەیسەڵ دەنووسێت:" لە هەرسێ شاری سلێمانی و کەرکوک و هەولێر کە نیسبەتی فەرمانبەری کوردیان ٩٩٪ و ٥١٪ و ٧٩ ٪ بوو، ئێستا -١٩٣٠، بووەتە ٦٤٪ و ٢٤٪ و ٦٠ ٪ لەمەدا دەردەکەوێ کە کوردەکان لە هەموو ئەو مەنتیقەی کوردییەدا بە نیسبەت نفووسیانەوە لە نوقتەی وەزائیفەوە مەغدوور کراون" کەچی مەجلیسی وەزاری لە ١٩٢٣ ئەڵێ "حکومەت نیازی نییە لە قەزای کوردەکاندا غەیری مەئموورینی هیچ مەئموورێکی عەرەب تەعین بکا."

هەروەها بۆ شا فەیسەڵ لە هەمان عەریزەدا دەنووسێت:" کەمکردنەوەی ڕێژەی مەکتەبە کوردییەکان ئەوانەی بە زمانی کوردی تدریس دەکەن: لە ٢٣ مەکتەب بە غەیری سێ، هیچ مەکتەبێکی نییە کە بە کوردی دەرس بخوێنی و ٢٠ مەکتەبەکەی تری یەک دوو یەکی نەبێ، ئەوانی تری هەموو بە تورکی دەرس ئەڵێنەوە، کەچی ئەهالی شارەکە لە ٥١ ٪ی کوردە و لە ١٢ ٪ تورکمانە."

بەندی هەشتەمی قانوونی لوغاتی مەحەللی سەرەتای ئینشقاق – دووبەرەکی خستنە جەستەی زمانی کوردی بوو، بۆیە هەر ئەمین زەکی داوای لە شا فەیسەڵ کرد کە لە پێناو پاراستنی یەکێتی زمانی کوردی، ئەو بەندە لابدرێت، عەرەبەکانی ئێراق بۆیان دەرکەوت کە مێژووی کورد مێژوویەکی سەرتاسەریی نییە، بەڵکو ناوچەگەرییە وەکو مێژووی میرنشینەکان: بابان، سۆران، بادینان، گەرمیان، با زمانی ئەو دەڤەرانە لەهجەی تەدریسی مەکتەب بێ.

هەر لەوساوە ڕووناکبیرێکی وەک ئەحمەد موختار بەگی جاف کە عادیلە خانمی دایکی لە سەردەمی بەرایی حوکمرانی شێخ، نەیاری سەرسەختی شێخ بوو، ئەو و فایەق بێکەس و شێخ سەلام بە شیعری:

**ئەم قەراری عوسبە وا خەڵقی ئەڵێن بۆ کورد ئەبێ**
**هەر قسەی ڕووتە و قسە ناچێتە ناو گیرفانەوە**
ئەحمەد موختار
.....
**بیست و حەوت ساڵە من ڕەنجبەری تۆم**
**بە نان و ئاو و جل و بەرگی خۆم**
**خزمەتم کردی لە ئێران و ڕۆم**
**لە پێناوی تۆ شکاوە ئەستۆم**
**کەچی هێشتا هەر دیل و ڕەنجەڕۆم**
بێکەس
.....
**عصبة الامم کۆمەڵی گەورە**
**بە پێچ و پەنا بە فێڵ و دەورە**
**لە دوور و بە دوور بۆ حەقی کوردان**
**تەکانت نەدا خۆت دائەشرنگان**
شێخ سەلام

وەڵامی بەڵێنی ئینگلیزیان دایەوە، کەچی خودی ئەو

شاعیرانە نەیاری شێخ مەحموودیش بوون.
لەوساوە حکوومەتی بەغدا هەتا حوکمی زاتی ١٩٧٠-١٩٧٤ سەردەمانێک، جگە لە بادینان و گەرمیان، لە هەولێر و سلێمانیش خوێندن بە زمانی کوردی زۆر سنووردار دەکرد.
ماوەی حوکمی زاتی لە باشووری کوردستان، ماوەی زێڕینی زمانی کوردی بوو، چونکە مستەفا بارزانی خەتێکی ڕاستوچەپی بە سەر خەونی قانوونی لوغات داهێنا، بە بڕیارێکی جەسوورانەوە دژ بە شێوەزاری خۆی، کرمانجی ناوەڕاستی کردە زمانی فەرمی ئیدارەی دەسەڵات و ستاندەری مەکتەب و ڕاگەیاندن. ئەو چاک درکی بەوەکردبوو کە یەکێتی زمان، یەکێتی نەتەوە دروست دەکات. دەستکەوتی زمان و ناسنامە لای ئەو لە شاخ دروست بوو، بۆیە ئامۆژگاری بەرپرسانی دەکرد بە ژیانی خۆشگوزەرانی شار لە دەستی نەدەن. هەژار موکریانی لە ل٥٥٠ی کتێبی چێشتی مجێور دەنووسێت: "تانک و تەیارە و تۆپی دوژمن پێمان نەوەستا، دەترسم پووڵ و پلە و ترومبێل و قەسر لە بەینتان بەرێ...هەمیشە بە سەتان لە فەرماندەکانی پێشمەرگە لە تاران و شارەکانی تری ئێران، خەریکی خۆشگوزەرانی و پووڵ خەرج کردن بوون."
دوای نسکۆی ١٩٧٥، نەک هەر ڕژێمی ئێراقی، بەڵکو (ئەمریکا و شوورەوی)یش ڕژێمی بەعسیان ئازاد کرد کە چۆن مامەڵە لەگەڵ کورد دەکات. دکتۆر عەبدوڵڵا پەشێو لە دیدارێکدا لەگەڵ تەلەڤزیۆنی گەل وتی: هەتا لە ڕاگەیاندنی شوورەویش پرسی کورد لە میدیای شوورەوی قەدەغەکرد. تاریق جامباز ٢٠٠٨ بەشێکی کتێبی (من ابادة اللغات الى قانون اللغات الرسمية في العراق الاتحادي) تەرخان کردووە بۆ بڕیارەکانی بەعس سەبارەت بە زمانی کوردی، لەوانە:
١- بڕیاری ٥٣١ی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕش-١٩٧٧ لە بارەی سەلامەتی زمانی عەرەبی!
٢- بڕیاری ٥٩١ی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕش -١٩٧٨ ڕیفۆرمی بڕیاری ٥٣١ (ئەو دوو بڕیارە لە سەردەمی هاوپەیمانی شیوعییەکان لەگەڵ بەعس درا، هەژار موکریانی لە چێشتی مجێور دەنووسێت: شوورەوی پێشبینی ئەو ڕۆژەی کردبوو!)
٣- بڕیاری ٧٤١ی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕش -١٩٧٩ سەبارەت بە گرینگیدان بە زمانی عەرەبی.
٤- بڕیاری ١٨١٧ ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕش-١٩٨٠ سەبارەت بە زمانی عەرەبی.
٥- بڕیارێکی مەکتەبی ڕێکخستنی بەعس لە باکوور (کوردستان) کە بە ڕێژەی ٧٠٪ بۆ ساڵی خوێندنی ١٩٨٩-١٩٩٠ زمانی کوردی لە خوێندن دووربخرێتەوە، هەروەها بۆ خوێندنی ١٩٩٠-١٩٩١ بە ڕێژەی ١٠٠٪ لە خوێندن دوور بخرێتەوە!
٦- بڕیاری ٦٣٢ ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕش - ١٩٨٩، سەدام بڕیاری دا: "قوتابی بە (کەوتوو) لە زمانی کوردی دانانرێ(هەژمار ناکرێ)، ئەگەر پلەی سەرکەوتنی لە زمانی کوردی نەهێنا."

پاش زانینی ئەو هەمووە، دەبێ ڕەوشی زمانی لە سایەی حوکمداری کوردی چۆن بێ؟!

## هەرێمی کوردستان و پرسی زمان

پرسی زمان لە وڵاتێکی چەند نەتەوە جیاوازدا شوناسێکی کولتووری و ئەتنیکی نەتەوەکانە. پاش لکاندنی باشووری کوردستان بە ئێراقی عەرەبی، چەندان شەڕی خوێناوی لە نێوان دەسەڵاتی عەرەبی و حزبی کوردی لە ماوەی ١٩٢١-١٩٩١ بەرپابوو. کورد لە باشووری کوردستاندا لە ساڵی ١٩٩٢ەوە حوکمڕانی خۆیان هەیە. خوێنەران چاوەڕێ بوون سیاسەتمداری کورد وەک شێخ مەحموودی حەفید و مستەفا بارزانی بن و هەرزوو زمانی کوردی لە ماوەیەکی کورتدا بکەنە زمانی ستاندەری پەروەردەی کوردستان، بەڵام ئەو پرسە لە " چاوەڕوانی گۆدۆ " دەچوو، بە جۆرێک ئەوە (٢٦) ساڵە، حکوومەتی هەرێمی کوردستان:
١- زمانی فەرمیی نییە!
٢- پەروەردەی هەرێم لە جیاتی ستاندەرێک دوو ستاندەری هەیە!
٣- هەموو کۆمپانیاکانی هەرێم ئازادن چ ناوێک لە کۆمپانیاکانیان بنێن، هەروەها بە چ زمانێک قسە بکەن.
٤- هەموو کارکەرەکانی کۆمپانیا و ئێن جی ئۆیەکان زمانی ئینگلیزی پەسەند دەکەن، نەک کوردی.
٥- دۆکیومێنتەکان، یان بە ئینگلیزین، یان بە زمانی

عەرەبی. لە هەمووی ترسناکتر بڕیارەکانی پەرلەمانی کوردستان بە زمانی عەرەبین نەک کوردی!

٦- لە پرسی دایەلۆگسیا: هەبوونی زمانی باڵا و زمانی لاوەکی(لۆکاڵی)دا زمانی ڕیکلام و بازاڕ پەیداکردنی کاڵاکانی تورکی و ئێران بە زمانی لاوەکی دەڤەرەکەیە.

٧- ئەو بووکەشووشە و لەعابانەی دێنە هەرێمی کوردستان بە هەموو زمانێکن، نەک زمانی کوردی.

٨- زمانی سۆفت وێر و تەکنۆلۆژیای سەردەم هەر بە زمانی ئینگلیزین، بانگەشەی ئەوە دەکرێ زمانی کوردی دەرەقەتی پرسی زانستی نایەت، بۆیە نە سۆفت وێر، نە کی بۆرد بە کوردی نەکراون.

٩- کۆمپانیا گەورە و بچووکەکانی هەرێم هیچ پەیوەست بوون بە بەکارهێنانی زمانی کوردی ناکەن، چونکە هیچ کابینەیەک و خولێکی پەرلەمانی بیریشی لەوە نەکردووەتەوە پرۆسەیەک هەبێت بەناوی " پرۆسەی بە کوردیکردن "، یان " سزای بە کوردی بەکارنەهێنان"!

دەسەڵاتی کوردی، حکومەتی هەرێم و پەرلەمانی کوردستان دەربارەی زمانی کوردی زۆر لاواز بوو:

١- هیچ بڕیارێکی دەربارەی سۆڤرینیتی (سەروەری) زمانی کوردی دەرنەکرد.

٢- هیچ بڕیارێکی سەلامەتی زمانی کوردی دەرنەکرد، بەڵکو لە ساڵی ١٩٩٨، زمانی کوردی لە خوێندندا لەت کرد و دوو ستاندەر لە یەک زماندا بووە(دی فاکتۆیەک)ی دارگران.

٣- پەرلەمانی کوردستان بە ئیمزای ١٠١ پەرلەمانتار ڕازی بووە زمانی خوێندن بە ئینگلیزی بێت.

ئەو پەرلەمانتارانە بانگەشەی ئەوە دەکەن زمانی کوردی دەرەقەتی پرسە زانستییەکان نایەت؟! بەڵگە کۆنکریتییەکان ئیسپات دەکەن، ئەو بانگەشەیە بێ ئارگیومێنت و بێ بنەمایە. ڕۆشنبیرانی کورد لە بەرایی ١٩٢٦ـەوە هەتا ٢٠١٧ بەردەوامی هەیە. کۆمەڵەی زانستی لە ساڵی ١٩٢٦ لە سلێمانی دامەزرا، غەفوور میرزا کەریم ١٩٨٥ لە ل٢٢ی کۆمەڵی زانستی لە سلێمانی دەنووسێت: "جمعیت دەیوی خزمت زانستی کوردان بکات...حرکیکی علمیە و فکریە لە کوردستاندا،" هەروەها ڕۆشنبیری کورد لە سییەکاندا کتێبی " ئەشیا"ی بە زمانی کوردی دەرکرد. دکتۆر جەمال نەبەز: لە ساڵی ١٩٥٦ مەختوتێکی دەربارەی (جەبر) بە زمانی کوردی بڵاوکردەوە، لە ساڵی ١٩٦٠ دا کتێبێکی دەربارەی فیزیا لەگەڵ جەدوەلێکی ڕوونکاری دەربارەی لێکسیمە بیرکاری و فیزیاییەکان بە زمانی کوردی بڵاوکردەوە. (دلاوەر زەنکی، پرۆفیسۆر جەمال نەبەز).

ئەو بانگەشانەی پەرلەمانتارانی کورد بە دوو ڕێگە وەڵام دەدەینەوە:

**یەکەم: پەرلەمان شوێنی یاسایە**

پەرلەمان شوێنی مەعریفە نییە، بەڵکو هێزی (زۆربە) دەوری خۆی دەبینێت بۆ ڕەتکردنەوەی هەر ڕەوشێکی سیاسی. ئەو بڕیارەی پەرلەمانتاران هیچ بنەمایەکی یاسایی نییە.

لەم بارەیەوە، تارق جامباز لە ڕوونکردنەوەیەکدا بۆ پەرلەمانی کوردستان دەنووسێت: بەوەی ئیمزای پەرلەمانتارەکان بە پێچەوانەی دەستووری ئێراق و هەرێمی کوردستان-ە:

**"أ- لەماددەی یەکەم [بڕگەی دووەم]:**

زمانە فەرمییەکان ئەو زمانانەیە کە بە پێی دەستووری هەمیشەیی ئێراق دان بەفەرمی بوونیان نرا.

**ب- لە مادەی دوازدەی هەمیشەییدا:**

زمانی کوردی لە پەروەردە و پرۆسەی فێرکردن و خوێندن، زمانی فەرمییە لەکوردستانی ئێراق.

زمانی ئینگلیزی نە زمانی فەرمییە نە زمانی خوێندنە لە هەرێمی کوردستان."

بڕیاری نوێی وەزارەتی خوێندنی باڵای هەرێم لەگەڵ بڕیاری ٦٣٢ ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕش -١٩٨٩ یەک دەگرێتەوە: "قوتابی بە (کەوتوو) لە زمانی کوردی دانانرێ(هەژمارناکرێ)، ئەگەر پلەی سەرکەوتنی لە زمانی کوردی نەهێنا" وەزارەتی خوێندنی باڵاش دەڵێت:" تاقیکردنەوە، یان کەوتن لە زمانی کوردی و زمانی عەرەبی ئارەزوومەندانەیە، قوتابی بە ئارەزووی خۆیەتی نمرەکەی بۆ حساب بکرێ، یان نا"

دوور خستنەوەی زمانی کوردی لە خوێندن و تاقیکردنەوەکانی بەکالۆریا ڕێک وەک بڕیارەکەی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕش (بەعس) وایە، هەروەها پێشیلی یاسای زمانە فەرمییەکانی هەرێم-ە کە زمانەکانی: کوردی، عەرەبی، تورکمانی، سریانی،

ئەرمەنیی زمانی ڕەسمین! هەروەها بەزاندنی دەستووری ئێراقی " فیدراڵ" و دەستووری هەرێمی کوردستانە کە تەنیا زمانی عەرەبی و کوردی بە زمانی ڕەسمی دەناسن.

**دووەم: ڕەوشی ڕۆشنبیری زانستی هەرێم بە زمانی کوردی**

زمانی کوردی هیچی لە زمانەکانی تر کەمتر نییە، بەڵام کێشەکە لەوە دایە، دەسەڵاتی سیاسی کوردی بەهای زمانی کوردی نازانێت! لەو ٢٦ ساڵەی حوکمڕانی کوردی، تەنیا ئاماژە بە هەوڵی زانستی شیانی زمانی کوردی سێ دەزگا دەکەین:

**١- گۆڤاری زانستی (سەردەم)**

ئەم دەزگایە جگە لە دەرکردنی گۆڤارێکی زانستی بە زمانی کوردی، چەندان فەرهەنگی فەلسەفی، بایۆلۆژی، زەویزانی، فیزیایی، بیرکاریی دەرکردووە.

**٢- ئەکادیمیای کوردی**

جگە لە بڵاوکردنەوەی کتێبی کیمیای ژینگە و کتێبی کیمیای ژەهری دەستکرد بۆ پرۆفیسۆر عەزیز ئەحمەد ئەمین بە کوردی، چەندان فەرهەنگی زانستی بڵاوکردووەتەوە لەوانە:

١- زاراوەی یاسایی، ٢- زاراوەی کارگێڕی، ٣- فەرهەنگی ئابووری، ٤- فەرهەنگی پزیشکی زیاتر لە دوو هەزار و سێ سەد لاپەڕە!

**سێیەم: دەزگای تەفسیر.**

دەزگای تەفسیر لە دوو دەزگایەکەی تر زۆر جیاوازتر، جگە لە فەرهەنگی زانستی، چەندان کتێبی زانستی بە زمانی کوردی بڵاوکردووەتەوە، لەوانە:

١- سیاسەتی دابینکردنی وزە و پاراستنی ژینگە، د.قەیوان سوارە.

٢- مارکتینگ، د.نەهرۆ عەلی.

٣- گەشەی ئابووری ئاسیا، یوونس عەلی.

٤- سیاسەتی پەرەپێدانی نەوتی خاو و گازی سروشتی لە کوردستان، د.قەیوان سوارە.

٥- بازرگانی ئەلیکترۆنی، زانا مەجید.

٦- بنەماکانی میکانیک، فەوزی زەکی هەنارەیی.

٧- میکانیک ستاتیک.

٨- سیفەتەکانی ماددە، فەوزی زەکی هەنارەیی.

٩- کارەبایی ئاسانکراو، فەوزی زەکی هەنارەیی.

١٠- بیناسازی زانستی، د.سەلاحەددین غەریب.

١١- جیۆئیکۆنۆمیک، د. شەماڵ قادر.

ئەو کتێبانە لە نێوان ٢٠٠ - ٦٠٠ لاپەڕە دان و بە قەڵەمی دوکتۆری زانستی نووسراون!

دڵنیام پەرلەمانتاری کورد و وەزارەتی خوێندنی باڵا ئاگای لەو هەوڵە زانستییانە نییە، ئەگەر نا یاسایەکی زاڵمانەیان دەرهەق بە زمانی کوردی دەرنەدەکرد!

بۆچی ڕژێمی بەغدا لە ماوەی ٢٠٠٣ -٢٠١٨ هێشتا کورد وەک نەتەوەیەک قبووڵ ناکات؟ عەقڵیەتی ئێستای عەرەبی ئێراق نە گەیشتووەتە قۆناغی سەرمایەداری و نەبووەتە دەوڵەتێکی تەکنۆلۆژی تاکو ڕزگار بێت لە هەژموونی کولتووری باڵادەستی، بۆیە ئێستاش هەر لە نێو ئەو توراس و کولتوورە دەژی، تەنیا خۆی دەبینێ. لە ڕووی زمانەوە ئەوەی لە ئێراق دەگوزەرێ، زمانەوانی تەقلیدییە کە نەتەوە و توراس تێیدا باڵادەستن، نەک زمانەوانی دامودەزگایی، یان زمانەوانی ئیسنۆگرافی. هەر لەو ڕوانگەوەش ئێستاش وەک بیستەکان باوەڕی بە تەعریبی دەڤەری کوردی هەیە، ئەمەش مانای وایە کۆمەڵگای چەند نەتەوەی ئێراق هەر دەیەوێ شوناسی کورد بچووک بکاتەوە و بیکاتە کەمایەتی نەتەوەیی!

کوردیش لە نێو خۆیدا مێژوویییەکی ناوچەگەریی هەیە، نەک سەرتاسەری، بۆیە میرنشینی بابان و میرنشینی سۆران و میرنشینی بادینانی...تاد هەیە، لە سەدەی بیست و بیست و یەک لە شاخەوە هاتە شار، بەڵام نەیتوانی کولتووری ئایدیۆلۆژی شاخ فڕێ بدات و لە شار بە پێی پرینسیپەکانی شار بژیت.

**ئەنجام**

پێوەندی زمان و شوناس بە پێی سەردەمەکان دەگۆڕدرێت. لە قۆناغی فیدراڵی و دەرەبەگیدا شوناس، شوناسێکی کولتوورییە، هەست بۆ نەتەوە هەستێکی کلاسیک و ڕۆمانسییە، زمانەوانی تەقلیدی باڵادەستە کە ئیش لەسەر نەتەوە و کولتوور و ئایین دەکات، بەڵام لە قۆناغی سەرمایەداری هەم شوناس فۆڕمێکی تر وەردەگرێت هەم زمانەوانی ناوێکی تر وەردەگرێت، زمانەوانی دامودەزگایی، یان زمانەوانی ئیسنۆگرافی کە کولتوور لە قازانج و بەها دەبینێت.

کەنەدا ئێستا لە قۆناغی سەرمایەداری پشت ئەستوور بە تەکنۆلۆژیا دەژی، شوناس لای ئەو بەهای تەکنۆلۆژییە

نەک کولتووری، بۆیە فەرەنسییەکانی کیوبیکییەکانی قبووڵ کرد.

کیوبیک لە کەنەدا وڵاتێکی زۆرەملێ نییە، خۆی نایەوێ لە کەنەدا جیابێتەوە. زمانی فەرەنسی لە کیوبیک هەموو جومگەکانی دەسەڵاتی داگرتووە، لە نێو کۆمەڵی کیوبیکیش هێندە هەژموونی هەیە، جگە لە دامودەزگا و زانکۆ و کۆمپانیاکان... لەعابەی قسەکەریشی بە فەرەنسییە، باوەڕناکەم فەرەنسییەکان لە فەرەنسا ئەو داخراوییەیان دەربارەی زمانەکەیان هەبێت!

لەولاوەش هەرێمی کوردستان چ لە ژێر دەسەڵاتی داگیرکەر بێ، یان لە ژێر دەسەڵاتی حزبی کوردی بێ، زمانی کوردی هەر لە پەراوێز دانراوە. حکوومەتی کوردی، زمانی فەرمی نییە، هەروەها پەروەردە زمانی ستاندەریی نییە. پەروەردەی هەرێم لە بەرنامەیدایە: زمانی خوێندن بکاتە ئینگلیزی، یان هەر چ نەبێ فیزیا و کیمیا و بایۆلۆژی بە ئینگلیزی بێ، ١٠١ پەرلەمانتاری پەرلەمانی کوردستانیش ئیمزایان کردووە، کە زمانی زانست زمانی ئینگلیزی بێ، چونکە حوکمڕانی کورد نەیتوانیوە کولتووری میرنشینی و ئایدیۆلۆژیای شاخ تێپەڕێنێت، ئەگەر نا ڕۆشنبیری کورد لە بیستەکان و سییەکان و پەنجاکان و شەستەکانی سەدەی بیست هەوڵی داوە و چەند کتێبێکی زانستی بە زمانی کوردی بنووسێت. ئەو پارادۆکسییە ئیسپاتی دەکات شوناس لە کوردستان هەر لە شوناسی کولتووری کورت بووەتەوە نەک قازانج.

**پاشکۆ**

١- دەقی یاسای زمانە ناوچەییەکان Lan- Local Law guage

یاسای زمانە ناوچەییەکان، یان ڕێکتر یاسای ڕێدان بە بەکارهێنانی زمانی کوردی لە باشووری کوردستان، یەکەم بەڵگەی یاساییە کە حکوومەتی ئێراقی و شا فەیسەڵی شای ئێراق بە ڕەسمی دان بە زمانی نەتەوەیی کورد لە باشووری کوردستان دەنێن.

ئەم یاسایە ناسراوە بە یاسای ژمارە (٧٤) و لە ژمارە (٩٨٩) ی ساڵی نۆیەمی ڕۆژنامەی (الوقائع العراقية) ڕۆژی ١٩٣١/١/٦ بڵاوکراوەتەوە. ئەم یاسایە لە نۆ بەند پێکهاتووە و هەریەکە لەمانەی خوارەوە واژۆیان لەسەر کردووە، مەلیک فەیسەڵ، نووری سەعیدی سەرۆک وەزیران، وەزیری کاروبارەکانی دەرەوە، وەزیری داد، وەزیری ناوخۆ، وەزیری ئابووری، وەزیری بەرگری و وەزیری پەروەردە.

**ناوەرۆکی هەر نۆ بەندەکەی یاسایەکە**

**بەندی یەکەم:**

مەرجەکانی ئەم یاسایە پێدڤیە لەسەر قەزاکانی ئەم ناوچانەی لە بەندی دووەم و سێیەمی ئەم یاسایەدان پەیڕەو بکرێن.

**بەندی دووەم:**

زمانی دادگاکان لەو قەزایانەی خوارەوە دەبێ بە زمانی کوردی بێت.

قەزاکانی لیوای مووسڵ:

١- ئامێدی ٢- زاخۆ ٣-زێبار ٤- ئاکرێ

قەزاکانی لیوای هەولێر

١- کۆیە ٢- ڕانیە ٣- ڕەواندوز

قەزاکانی لیوای کەرکووک

١- گایل ٢- چەمچەماڵ

قەزاکانی لیوای سلێمانی:

١- سلێمانی ٢- هەڵەبجە ٣- شارباژێڕ

**بەندی سێیەم:**

دەکرێ زمانی قەزاکانی خوارەوە کوردی، عەرەبی، یان تورکی (تورکمانی) بێت:

١- دهۆک و شێخان لە لیوای مووسڵ.

٢- هەولێر و مەخموور لە لیوای هەولێر.

٣- کەرکووک و کفری لە لیوای کەرکووک.

لێرەدا دادگاکان بڕیار لەسەر زمانەکە دەدەن کە کوردی، عەرەبی، یان تورکمانی بێت.

**بەندی چوارەم:**

کەسی تاوانبارکراو مافی ئەوەی هەیە لە هەموو حاڵەتەکان و قەزاکانی سەرەوە.

أ- دادگایی بکرێ و ئاگادار بکرێتەوە بە زمانی عەرەبی، ئەگەر ئەو زمانە زمانێکی باو بوو لە ماڵەوە.

ب- هەموو ئیجرائاتەکان بۆ زمانی عەرەبی، کوردی، یان تورکی وەربگێڕدرێن، هەروەها داوای دانەیەکی

وەرگێڕدراو بەو زمانانە بکرێ. هەر کەسێک مافی ئەوەی هەیە کـە داواکـاریـیـەک، سکاڵایەک ئاراسـتــەی هەر دادگایەکی ئەو قەزایانەی سەرەوە بکات، یان ئاراستەی دادگـای باڵاتر بکات بە زمـانـی عـەرەبی، کـوردی، یان تورکی.

**بەندی پێنجەم:**

زمـانـی کـوردی، زمـانـی ڕەسـمی دەبێ لە هەمـوو ئەو قـەزایانەی خـوارەوە، جگە لەو حـاڵەتانەی خـوارەوە نەبێ کە دەبێ بە زمانی عەرەبی بێت:

**یەکەم:** بەشە تەکنیکییەکان.

**دووەم:** لە پێـوەندیـکردنی (نووسـراوی ڕەسـمی) نێـوان سـەرکـردایەتی لیـواکـان (دامـودەزگـای پارێزگـا) لەگـەڵ وەزیرەکان.

**سێـیـەم:** سـەرلیـوای مـووسـڵ (پارێزگـای مـووسـڵ) و قەزاکانی:

١- قەزاکانی لیوای مووسڵ، ئامێدی، ئاکرێ، دهۆک، زاخۆ، زێبار.

٢- قـەزاکـانی لیـوای هەولێـر: هەولێـر، مـەخـمـوور، کۆیە، ڕانیە، ڕەواندوز.

٣- قەزاکانی لیوای کەرکووک: چەمچەماڵ، گایل.

٤- قـەزاکانی لیوای سلێمانی: سلێـمانی، هەڵەبجە، شارباژێر.

هەریەک لە زمـانی کـورد، یان تورکـمـانـی دەکـرێ لە قەزاکانی کەرکووک و کفری بەکاربێن.

**بەندی شەشەم:**

لە قـوتاغـەکـانی بەرایی و سـەرەتایی ئەو شـار و شـارۆچکانەی سـەرەوە دەکرێ زمـانی خـوێندن، زمـانی مـاڵەوە، زمـانی دایک بێ، ئەمـەش دەوەسـتێـتە سـەر ڕێژەی زۆربەی ئەو قوتابخانانە جا گرنگ نییە زمانەکە عەرەبی، کوردی، یان تورکمانی بێت. (بە واتای ڕێژەی زۆربەی زمانەکە دیاری دەکرێت).

**بەندی حەوتەم:**

هەرکـەسـێک سکاڵایەک، یان داوایەک بە زمــانـی عــەرەبی بۆ حکوومـەت و دەسـەڵاتدارانی ڕەسـمی بەرز بکاتەوە، ئەوە وەڵامـەکەی هەر بە هەمـان زمـان دەبێت.

هەر پێـوەندی کـردنێک، بەرزکـردنەوەی نووسـراوێکی ڕەسمی دەبێت بەو زمانە بێت کە لە مەرجەکـانی بەندی پێنجەمی ئەو یاسایە ئاماژەی پێ کراوە و جێگیر کراوە، ئەوە وەڵامی ڕەزامـەندی ئەو نووسـراوە هەر بەو زمـانە دەبێت کە نووسراوەکەی پێ نووسراوە.

**بەندی هەشتەم:**

لە قـەزاکانی سلێـمانی و هەولێر و کـەرکووک کـە لەم یاسایە ئاماژەی پێ کراوە "شێـوە" ی زمانی کوردی ئەو شێـوەیەی ئێـسـتـا دەبێت، بەڵام لە قـەزاکـانی لیـوای و مـوسڵ کـە لەم یاسـایە ئامـاژەی پێ کـراوە، ئەوە خـەڵکی ئەو دەڤەرانە ئازادن لەوەی چ "شێوە" یەکی زمانی کوردی بەکاربهێنن، ئەمەش لە ماوەی ساڵێک لە جێبەجێ کردنی ئەو یاسایەوە پەیڕەو دەکرێ.

**بەندی نۆیەم:**

هەمـوو وەزیرەکان بەرپرسن لە جێبـەجێ کردنی برگە و بەنـدەکـانی ئـەم یاسـایە هەریەکـە بە گـوێرەی ئەو بەندەی پەیوەستە بە ئەوەوە.

ئەم یاسـایە، لە **٢٣** ی ئایاری **١٩٣١** بەرانبەر شـەشی موحەڕەمی ساڵی **١٣٥٠** کۆچی لە بەغدا نووسراوە.

٢- بۆ: سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان

بابەت: پرۆژە هەمواری یاسایەک

سڵاوێکی زمانپارێزانە

بەگوێرەی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمـانی کـوردسـتـان، دە پەرلەمــانتــار دەتوانن پرۆژە یاســا، یان بڕیار، یان هەمـوارکـردن پێشکەش بە سـەرۆکـایەتی بکەن و ئەوەی لێـرەدا مـەبەسـتـمـە پرۆژە هەمـوارکـردنی یاسـای زمـانە فەرمییەکان لە هەرێمی کوردستان- ئێراقدا کە لە دوو مـاددە پێکدێت، جـەخـتـیـش لەسـەر مـاددەی دووەمی دەکـەمـەوە کـە ئەمـەیش دەقـەکـەیەتی [زمـانی ئینگلیـزی دەبێـتـە یەکـێـک لەزمـانە فـەرمـیـیـەکـان لە هەرێمی کوردستـان] لەبەر ئەوەی باسی زمانی فـەرمی [ڕەسمی] دەکـات، ئەگـەرچی ئەم پرۆژە هەمـوارکـراوە لەجیـاتی دە پەرلەمـان ئەوە [101] پەرلەمـانتـار ئیمزایان کردووە و پێشکەش بە سەرۆکایەتیش کـراوە، لە خوارەوە ماددە و

بڕگەکانی دەستووری ئێراق و یاسای زمانە فەرمییەکان لە هەرێمی کوردستان - ئێراق دەخەینە بەرچاوی بەڕێزتان:

**یەک:** دەستووری کۆماری ئێراق ٢٠٠٥

أ- لەماددەی چوارەم [بڕگەی یەکەمدا]

زمانی عەرەبی و کوردی دوو زمانی فەرمین لە ئێراقدا، مافی سەرجەم ئێراقییەکان پارێزراوە لەفێرکردنی ڕۆڵەکانیان بەزمانی دایکیان وەک تورکمان و سریان و ئەرمەنی لەدەزگاکانی فێرکردنی حوکومەتدا بەپێی ڕێکارە پەروەردەییەکان، یان بەهەر زمانێکی دیکە لە دەزگاکانی فێرکردنی تایبەتدا.

ب- لەهەمان ماددەی (٤) (بڕگەی پێنجەمدا)

هەر هەرێم و پارێزگایەک مافی ئەوەی هەیە زمانێکی ناوخۆیی دیکە بکاتە زمانی فەرمی ئەگەر زۆرینەی دانیشتوانەکەی لەڕاپرسییەکی گشتیدا بڕیاریان لەسەر دا.

**دوو:** یاسای زمانە فەرمییەکان لە هەرێمی کوردستان - ئێراق ژ ٦/ ٢٠١٤

ت- لەماددەی یەکەم [بڕگەی دووەم]

زمانە فەرمییەکان ئەو زمانانەیە کە بە پێی دەستووری هەمیشەیی ئێراق دان بەفەرمی بوونیان نرا.

پ- لە مادە دوازدەی هەمیشەییدا زمانی کوردی لەپەروەردە و پرۆسەی فێرکردن و خوێندن، زمانی فەرمییە لەکوردستانی ئێراق.

بۆمان دەرکەوت کە پێنج زمانی فەرمی [ڕەسمی] لە ئێراق و کوردستان هەیە ١- کوردی ٢- عەرەبی ٣- تورکمانی ٤- سریانی ٥- ئەرمەنی، بۆ ئەوەی هەر زمانێکی دیکە ببێتە زمانی ڕەسمی، ئەوە پێویستی بەم ڕێکارە یاساییانە هەیە:

١- زمانێکی ناوخۆیی بێت.

٢- لەڕاپرسی گشتی کەزۆرینەی دانیشتوان دەنگی بۆ بدەن.

٣- ئەو زمانانەی کە ناومان هێناون، هەر ئەوان زمانی فەرمین.

٤- دەتوانرێ هەر زمانێکی دیکە لە دەزگاکانی فێرکردنی تایبەتدا بخوێندرێ.

٥- هەرێمی کوردستان هەرێمێکە لە ئێراق و هەر زمانێکی دیکە زیاد بکرێت، ئەوە دەبێ دەستووری ئێراق هەمواربکرێتەوە لەبەر ئەو هۆیانەی باسمان کردن، نەک زمانی ئینگلیزی، بەڵکو هیچ زمانێکی دیکە نابێتە زمانی فەرمی [ڕەسمی]، بۆیە هەموارکراوی پرۆژەکەش پێچەوانەی دەستووری ئێراق و یاسای زمانە فەرمییەکانە لە هەرێمی کوردستان - ئێراق.

لەکۆتاییدا دەبێژم لەبەر ئەوەی لە باشووری کوردستان سیاسەتی زمانمان نییە، بۆیە زمانەکەمان بەرەو شێواندن دەچێ

لەگەڵ ڕێز و سوپاسدا

پارێزەر: طارق جامباز

ئەندامی یەکێتی پەرلەمانتارانی کوردستان

نەورۆزی /٢٧١٦ی کوردی ٢٠١٦ زایینی

**هاوپێچ:**

دەقی پرۆژە (هەمواری یاسایەکە) و ناوی سێیانی هەر [١٠١] پەرلەمانتار و ئیمزاکانیان.

وێنەیەک بۆ:

١- ئەکادیمیای کوردی.

٢- یەکێتیی پەرلەمانتارانی کوردستان.

٣- یەکێتیی نووسەرانی کورد.

٤- سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان.

٥- سەندیکای پارێزەرانی کوردستان.

٦- لە شوێنی دیکە ئەم بڕیارە جێبەجێ ناکرێت و نایانگرێتەوە.